# عەتـــــــــــــــری پێشـــــــمەرگە

« بە ئیجازەی هێمنی موکریانی »

قوبادی جەلیزادە

تێکەڵاو بوو ، سەدای مەلا و
قوقە قـــــــــوقی کەڵەشێـــــــــری .
کانی بە سووره چنــــــــاری گوت :
ڕۆژی نوێ یە ، دەک بە خێری .

کوڕان هاتنەوە لە ژوانێ ،
کچان بەرۆکیان داخستن .
ژنان خۆیان توند کردەوە ،
کەڵەمێرد پشتیان تێکردن .

ئەو پیرە لاوەی دوو ژنان ،
کە شەو دایسابوو وەک مۆمێ .
چڵک و عارەقی جووت بوونێ ی
خووساندەوە لە نێو گۆمی .

نەو بووک نەچوو بۆ سەرکانی ،
وەخرا بەیاری و سوحبەتێ .
زاواش دەستنوێژی هەڵنەگرت ،
ئۆباڵ بە ئەستۆی مروەتێ !

گۆزەیان خستە سەر شانی ،

**کچی شۆخ و شۆڕەژنان .**
**« درزیان خستە چێنی کپی » ،**
**بگرەو بەردەی مەشکە ژەنان .**

**ساوای شیرەخۆرەی برسی ،**
**گوپیان پڕ کردن لە جێوە .**
**ژنی میهرەبانی شەکەت ،**
**دەستیان شل بوو بە لانکێوە .**

**شوان مێگەلی دایە بەر ،**
**روەو لاپاڵ و هەورازان .**
**بزن پشت ڕێ بوون لە رانی ،**
**توند بوون لە هەڵدێروو رازان .**

**هەسار، بەرەو ماڵ بوونەوە ،**
**باق و بریقەیان تێک نا .**
**شەو ، بە کازیوە پرچی بەست ،**
**هەردوو چاوی گەشی ، لێک نا .**

**کێویی لە خەوێ راچەنین ،**
**لە هاوارو قاسپەی کەوێ .**
**چیا گەردەنی هەڵبڕی ،**
**تا تیشکی خۆری بەر کەوێ .**

**( وەنەوش ) ، رای کردە سەربانی ،**

ماچێک بۆ شوانە بنێری ,
( ئەو ) بەرخێکی گرتە باوەش ،
ماچی کرد لە جیاتی بێری .

هەر خوا دەزانێ ئەو شەوە ،
چەند هەسپە ژن رووت بوونەوە .
چەند وەرزێری کفت و هیلاک ،
ماندوو بوونیان بیر چوونەوە .

خوا دەزانێ چەند لێوی گڕ ،
چەند دەستی رەق ، سمبێڵی زوور .
رژانە سەر سینەی لووس و
قۆڵی نەرم و گەردن بلوور .

وەک پۆلێ دڵدارو عاشق ،
وەک مەم ، سیامەند ، کاکەلاس .
چوونەوە نێو کێڵگەو مەزرا ،
بێڵ و پێمەڕەو خاکە ناس .

ئێرە گوندە ، لەو باخچەدا ،
پشکووت گوڵی جوانی و خەبات .
لەو مەتەرێزە چرۆی کرد ،
عیشقی زن و عیشقی ولات .

بەقەد درەختی ئەو گوندە ،

هەر پێشمەرگەیەو بە پێوە .
رووباروو کانی و جۆگەلە ،
خوێنی شەهیدن بە ڕێوە .

پێش وەی مەلا بێتە مزگەوت ،
بە ئحمە ئحم و کۆکەکۆک .
پێشمەرگە چوونەوە شاخی ،
قەد بە خەریتەو نارنجۆک .

لادێ پڕ لە بۆنی « پێ میم » ،
دەمار دەماروو دوور بە دوور .
بۆنی پێشمەرگە خۆشترە ،
لە بۆنی عەنبەروو بخوور .